# (( 3-16 بكرێت بە ڕۆژی جیهانی )) دروشمێكی ناتەواو و ئامانج نەپێكاو

عەلی مەحمود محەمەد

دادگایی فرانس ڤان ئانرات چەند ڕاستییەكی بەڵگە نەویستی سەلماند , ئەویش ئەوەیە كورد بە پشت بەستن بە هێزی خۆی دەتوانێت شتی گەورە ئەنجام بدات , هاوكات ئەوەشی دەرخست كە ڕێكخراوی بچوكی سەربەخۆ , هەژار و بێ بنەو بارەگاو جانتای دیبلۆماسی وەك ( ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد–چاك ) دەتوانێت بە دڵسۆزی خۆی كاری مەزن ئەنجام بدات , بەو بێكەسی و هەژارییەی خۆیەوە مێژوو نەتوانێت فەرامۆشی بكات .

دادگایی ئانرات كۆمەڵگەی كوردی لە دەرەوە هەژاند , دیارە چالاكییە گەرم و گوڕەكانی چاك لە وڵاتانی دەرەوە , زیاتر یەك دروشمی و یەك داخوازی بە چالاكیەكان هەڵەبجەو ئەنفال لە جیهان بەخشی , ئەمساڵ پێی دەچێت یادی هەڵەبجەی هاندەران لە هەموو ساڵانی دیكە زیاتر گەرم و گوڕتر و دروشمەكانی جدیتر بێت , ئەوا یادی 20 ساڵەش بە ڕێوەیە .

هەرچەنە هەڵەبجە ئەڵقەی لاوازی كورد بوو لە دادگایی ئانرات , كیمیا بارانكردنی هەڵەبجە تاوانی جەنگ بوو نەك جینۆساید , بەڵكە مامەڵەی ڕژێم لەگەڵ پاشماوەی قوربانیانی هەڵەبجە بە كردەی جینۆساید دەهێتە هەژماردن , بۆیە دەبێت هەموو دەم خاڵە لاوازەكان بزانین , هاتنی سوپای ئێران و ڕۆڵی لە كارەساتی هەڵەبجە , ئەو شانسەی لە كورد سەندۆتەوە كارتی هەڵەبجە بەهێزترین و كاریگەرترین بێت لە بە جینۆساید ناسینی كۆمەڵ كوژییەكانمان , یا بە ملیار وێنەی عومەر خاوەریش لە بەردەستدا بێت .

ئایا دروشمی بە جیهانیكردنی ڕۆژی 16–3 , كە ئەمساڵ لە بەشێك لە مەراسیمەكانی هەڵەبجە لە وڵاتانی ئەورووپا بەرز كراوەتەوە چی دەگەیەنێت ؟ .

هەر ڕۆژێك كە دەبێتە جیهانی دەربڕی دیاردەو ڕوداوو شتێكە , 8 مارس ڕۆژی ژنان , 1 ئایار ڕۆژی كرێكاران , ڕۆژی كۆیلەداری و مافی مرۆڤ و پەنابەر و دژ بە چەكی كیمیاوی ...... ڕۆژگەلێن بوونە بە ڕۆژی جیهانی .

چەندین ساڵە چاك لە ڕێگەی ڕێكخراوی ئۆ پی سی ئۆوە هەوڵ دەدات ڕۆژی 16–3 بكرێتە ڕۆژی دژ بە چەكی كیمیاوی لە جیهان , بە جیهانیكردنی ئەو ڕۆژە بەو ناسنامەیە كاری ئەو سازمانەیە نەك یەكی دی , بەڵام سەركەوتوو نەبوون , ڕۆژی 29–4 ئەو شانسەی بەركەوت كرا بە ڕۆژی دژ بە چەكی كیمیاوی لە جیهاندا .

ئەگەر خەبات بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆژی 16-3 بکرێت بە ڕۆژی دژ بە چەکی کیمیاوی لە جیهان , ئەوا پەرلەمانی ئەوروپی و پەرلەمانی وڵاتان ئەو شوێنە لە بارە نییە خۆپیشاندان ڕێ بخەین بۆ بەردەمیان و نامەیان ئاراستە بکەین بۆ بە دەست هێنانی ئەو داخوازە , کورد لە زووەکەوە وتوویەتی نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب , چونکە ئەو ڕۆژە چالاکڤانانی دژ بە چەکی کیمیاوی لە جیهان دیاری دەکەن , نەک پەرلەمانتاران و سەرۆکان .

پاشان دەبێت داخوازەکان نیوە چڵ نەبن تەواو بکرێن , 16-3 بۆچی بکرێت بە ڕۆژی جیهانی ؟ ناسنامەی ئەو ڕۆژە چی بێت ؟ , وەڵامی ئەم پرسیارانە کارەکان ئامانج بەخش تر دەکات , لە فەوزای دروشم بازی و مزایەدە دەرمان دەکات , وا دەکات لە داهاتوودا ئەو ڕەنجەی دەیدەین بە فیڕۆ نەچێت و جێگەی خۆی بگرێت .

کردنی 16-3 بە ڕۆژی جیهانی بە نامەیەک و کۆبونەوەیەک چەند کاتژمێری لە جێگەیەکی هەڵە نایاتە دی , گەیشتن پێی پێوستی بە هەوڵ و کۆششی زیرەکانەی بەردەوامە , هەوڵ و کۆششێک ئامانج پێکەر نەک ڕوکەش .